# دوو نامەی خۆشەویستیی..
# بۆ کەرکووك

-1-

ئەنقەست نەبوو.. نازانم بۆ؟
لە نووسینەوەی چیرۆکی درەختێکدا
من لقێکی سەربڕڕاویم لەبیرچووبوو
باسیبکەم.
شەو لە خەوما
دارەکە هاتە ماڵەوەو
وتی: برا گلەیی بێ!
ئاخر نووسینەوەی درەخت
بێ لقی گەورەی قوربانیی
لەوە ئەچێ
تۆ باسی "کەرکووك" بکەیتو
بەڵام "ئەنوەر"ی تیا نەبێ!

-2-

لە ئاسمانی "شۆریجە"دا
گۆرانییەك لە دەنووکی
تەیرێکی دڵدار ترازاو
کەوت بەسەر دڕکەزیەکدا
نەغمە مردوو
دڕکەزیەکەیش سوور هەڵگەڕا
وەرزێ دواتر
دڕکەزیەکە، هەر لە جێی خۆی
بوو بە گوڵەباخی عەشقو
بە دەم دەنگی "مەردان"ەوە
کەوتە سەما!

2008/1/19